# هەماهەنگی چییە؟

**نووسەر:** سۆنیا کوکرێجا

**وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:** ئێحسان نەزەت مستەفا

**هەماهەنگی چییە؟**

هەماهەنگی بریتییە لە یەکخستن، لێکدان و هاوکاتکردنی هەوڵ و تەقەڵلای ئەندامانی گرووپێك تاکوو یەکڕیزیی فیعلی بۆ بەدواداچوونی ئامانجە هاوبەشەکان فەراهەم بکەن. هەماهەنگی هێزێکی شاراوەیە کە هەموو کردارەکانی تری بەڕێوەبردن بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

**پێناسەی هەماهەنگی**

بەپێی پێناسەی مۆنی و ڕالی "هەماهەنگی بریتییە لە ڕێکخستنێکی ڕێکوپێکی کۆمەڵە هەوڵێك بۆ فەراهەمکردنی یەکڕیزیی کرداری بۆ بەدواداچوونی ئامانجە هاوبەشەکان." بەپێی پێناسەی چارلس وۆرس "هەماهەنگی بریتییە لە لێکدانی چەند شتێك بە شێوەیەکی ڕێکخراو بە مەبەستی لێکتێگەیشتن."

کارگێری بەهۆی کردارە سەرەتاییەکانی وەك پلاندانان، ڕێکخستن، ستافدانان، ئاراستەکردن و کۆنترۆڵکردنەوە، بەدوای بەدەستهێنانی هەماهەنگیدا دەگەڕێت. هەر بۆیەیش هەماهەنگی کردارێکی جودای بەڕێوەبەری نییە چونکە بەدەستهێنانی گونجان (انسجام) لەگەڵ یەکتر لە نێوان هەوڵەکانی تاکەکاندا بە ئاراستەی گەیشتن بە ئامانجەکانی گرووپێك، کلیلی سەرکەوتنی بەڕێوەبەرییە. هەماهەنگی هەستێکی شاراوەی بەڕێوەبەرییە و، هەروەها میراتی هەموو کردارەکانی بەڕێوەبەرییە.

**پێویستی بە هەماهەنگی**

ڕێکخراو یان دامەزراوە لە چەند بەشێك پێك هاتووە، هەروەك بەشی سەرچاوە مرۆییەکان، بەرهەمهێنان، مارکێتینگ، کڕین و دەستەبەرکردن، فرۆشتن، دارایی، بەدواداچوون و پەرەپێدان. هەر یەکە لەم بەشانە ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن و بە کارگێڕییەوە گرێ دراون. جگە لەمەیش ڕێکخراو بەسەر سێ ئاستی سەرەکیدا دابەش کراوە ئەوانیش:

**ئاستی باڵا:** پێك دێن لە بەڕێوەبەرانی جێبەجێکار و بەڕێوەبەرە گشتیەکانی کارگێڕی.

**ئاستی ناوەند:** پێك دێن لە بەڕێوەبەرەکان و سەرۆکبەشەکان.

**ئاستی خواروو:** پێك دێن لە سۆپەرڤایزەر و کارمەندەکان.

زۆرێك لە ڕێکخراوەکان ئامانجی سەرەکییان بۆ هەماهەنگی، بریتییە لەوەی ئەوە پشتڕاست بکەنەوە کەوا هەموو بەشە جیاوازەکان بە هەمان ئاراستە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی کۆمپانیا و زیادکردنی

سەرچاوەکان کار بکەن. هەماهەنگی جەخت لە یەکگرتنی هەموو پێکهاتەکانی کۆمپانیا دەکاتەوە لە ڕێگەی پلان و ستراتیژییەتێکی گشتگیر بۆ سەرکەوتنی کۆمپانیاکە. لە هەمان کاتدا هەماهەنگی مەبەستی لە ڕێکخستنی سەرچاوەکان و ستافی کارە بە شێوەیەکی گونجاو، بۆ ئەوەی هیچ ململانێ لەناو ڕێکخراوەکەدا دروست نەبێت. هەروەك دەگوترێت هەماهەنگی، بە جێبەجێکردنی ستراتیژییەتی ڕێکخراوەیی، یەکڕیزی بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

**تایبەتمەندییەکانی هەماهەنگی**

هەماهەنگی بریتییە لە یەکخستن، لێکدان و هاوکاتکردنی هەوڵ و تەقەڵلای بەشەکان تاکوو یەکڕیزیی فیعلی بۆ بەدواداچوونی ئامانجە هاوبەشەکان فەراهەم بکەن. هەماهەنگی هێزێکی شاراوەیە کە هەموو کردارەکانی تری بەڕێوەبردن بەیەکەوە دەبەستێتەوە. ئیدارەدانی ڕێکخراوێك لە ڕێگەی کردارە بنچینەییەکانی پلاندانان، ڕێککردن، دانانی ستاف، ئاراستەکردن و کۆنترۆڵکردنەوە هانی دروستبوونی باشترین هەماهەنگی دەدات. بۆیە هەماهەنگی کردارێکی جودای بەڕێوەبردن نییە چونکە بەڕێوەبردن تەنیا لەو کاتەدا سەرکەوتووە، کە بتوانێت لەگەڵ یەك گونجان (انسجام) لە نێوان فەرمانبەران و بەشە جوداجوداکان بێنتە کایەوە.

**ئەمانە هەندێ تایبەتمەندیی گرنگی هەماهەنگین:**

**1- هەماهەنگی هەوڵ و تەقەڵلاکانی گرووپ یەك دەخات.**

پێویستیی هەماهەنگی کاتێك هەستی پێ دەکرێت کە هەوڵی بەکۆمەڵ بۆ تەواوکردنی ئامانجەکان پێویست بن. بەکورتی دەکرێت بگوترێت کە هەماهەنگی، خۆی لە هەوڵ و تەقەڵلای بەگرووپدا دەبینێتەوە نەك تاکەکەس. پرسی هەماهەنگی هەرگیز نایەتە کایەوە، ئەگەر بێت و ئێمە باسی هەوڵ و ماندووبوونی تاکەکەسی بکەین.

**2- هەماهەنگی یەکڕیزیی پراکتیکی (کرداری) دڵنیا دەکاتەوە.**

سروشتی هەماهەنگی بریتییە لە یەکتاکردنی کردار؛ واتە لە نێوەندی پرۆسەی هەماهەنگیدا هەوڵ دەدرێت بۆ دروستکردنی یەکڕیزی لە نێوان چالاکییە جیاوازەکانی ڕێکخراوێکدا. بۆ نموونە پێویستە بەشەکانی کڕین و فرۆشتن لە نێوان خۆیاندا هەماهەنگی بکەن تاکوو بەگوێرەی لیستی داواکارییەکان شتومەك و پێداویستییەکان بکڕن و دابین بکەن.

**3- هەماهەنگی پرۆسەیەکی بەردەوامە.**

هەماهەنگی شتێك نییە یەك جار بکرێت و تەواو بێت، بەڵکوو زەروورەتێکە کە لە هەموو هەنگاوێکدا هەستی پێ دەکرێت. زۆربەی ئەو چالاکییانەی کە لە کارێکدا دەکرێن، ئەگەر هات و هەر کاتێك یەکێك لە چالاکییەکان بەرەو گۆڕانکارییەکی کەمتر یان زیاتر لە ئاستی پێویست ڕۆیشت، ئەوا بەگشتی بالانسی ڕێکخراوەیی تێك دەچێت؛ بۆیە دەبێت بۆ ڕاگرتنی بالانسەکە، لە نزیکەوە چاودێریی چالاکییەکان بکرێت.

**4- هەماهەنگی کردارێکی کاریگەرە.**

کاریگەری یان سەرتاپاگیری، ئەو ڕاستییەیە کە وەك یەك بەسەر هەموو بوارەکاندا دەچەسپێت، هەروەك ڕێکخراو و کۆمپانیا و شوێنەکان. سروشتی هەماهەنگی کاریگەرە، نموونەیش بۆ ئەمە دروستکردنی خشتەی بەرنامەکان لە نێوەندێکی پەروەردەییدا، کە ئەمە هەر خۆی دروستکردنی هەماهەنگییە. لە "یاریی کریکێت"دا دانانی شوێنی یاریزانەکان لە پێش دەستپێکردنی یارییەکە، خۆی نموونەیەکی شێوازی هەماهەنگییە. بە هەمان شێوەیش بۆ ڕێکخستنی چالاکییە جیاوازەکانی وەك کڕین، فرۆشتن، بەرهەمهێنان و دارایی و...، هەماهەنگی بەدی دەکرێت. لە هەر کارێکدا بوونی هەماهەنگی، واتە بوونی ڕێکخستن.

**5- هەماهەنگی بەرپرسیارێتیی هەموو بەڕێوەبەرەکانە.**

هەماهەنگی لە هەرسێ ئاستەکانی باڵا، ناوەند و خوارووی بەڕێوەبەرایەتیدا پێویستە. ئەنجامدانی چالاکییەکان وەك یەك، لە هەموو ئاستەکاندا پێویستە. بەم جۆرە هەموو بەڕێوەبەرەکان بەرپرسن لەوەی هەوڵەکانیان بۆ دامەزراندنی هەماهەنگی بخەنە گەڕ؛ بۆیە دەبێ بگوترێت کە هەماهەنگی گرنگی زۆری بۆ هەمووان هەیە، بەتایبەتیش بۆ بەڕێوەبەر یان ئاستی بەڕێوەبەری.

**6- هەماهەنگی کردەیەکی بەئەنقەستە.**

هەرگیز هەماهەنگی لەخۆیەوە دروست نابێت بەڵکوو هەوڵدانێکی بەئەنقەستە. بەتەنیا هەرەوەزی بەس نییە، بەڵکوو هەماهەنگیشی پێویستە. هەر بۆ نموونە، مامۆستایەك دەیەوێ بە کاریگەرییەوە وانەکەی بڵێتەوە، ئەمە هەماهەنگییە، بەڵام ئەگەر خشتەی وانەگوتنەوە ئامادە نەکرابێت ئەوا واتە نەبوونی هەماهەنگی. لەم حاڵەتەدا ئامادەکاری بۆ گوتنەوەی وانەکە نەکراوە، کەوابێ هەوڵی مامۆستاکە بەهۆی نەبوونی هەماهەنگییەوە بێمانایە. لە لایەکی تریشەوە، لەسایەی نەبوونی هەرەوەزییەوە هەماهەنگی، کارمەندان نائاسوودە دەکات؛ بۆیە هەردووکیان لە کاتی خۆیاندا پێویستن.

**جۆرەکانی هەماهەنگی**

لە ڕێکخراوێکدا، هەماهەنگی بۆ پێکهاتەکان و کاریگەریی ناوەکی و دەرەکییان هەیە. یارمەتیی دەرەکی بۆ کەمکردنەوەی ئاڵۆزییەکان، جا چ ئاڵۆزیی ناوخۆیی بن یا دەرەکی. هەر بۆیە ڕیکخراوەکە بەرهەمدارتر دەبێت و لە ناوەوەی ڕێکخراوەکە زیاتر تێکەڵاوی دروست دەبێت؛ هەروەها متمانەیش لە نێوان گرووپە ڕکابەرەکاندا دادەمەزرێت. ئەمە جگە لەوەی کە ئەرکەکانی ڕێکخراوەکەیش دیاری دەکرێن. بەزۆری هەماهەنگی دوو بەشە، ئەوانیش هەماهەنگیی ناوەکی و هەماهەنگیی دەرەکی، هەروەك لە خوارەوە ئاماژەی پێ دراوە.

***1- هەماهەنگیی ناوخۆیی***

هەماهەنگیی ناوخۆیی بە شێوەیەکی گشتی واتە دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان هەموو بەڕێوەبەرەکان، جێبەجێکاران، بەشەکان، یەکەکان، لقەکان، فەرمانبەران و کرێکاراندا. پەیوەندییەکان بە دیدگەیەکەوە دروست دەکرێن کە لە چالاکییەکانی ڕێکخراوێکدا هەماهەنگی بکرێت. هەماهەنگیی ناوخۆیی، دوو گرووپی هەیە:

**1- هەماهەنگیی ستوونی:**

لە هەماهەنگیی ستوونیدا دەسەڵاتێکی باڵا هەماهەنگی لەگەڵ هاوکارانیدا دەکات بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی و بەپێچەوانەیشەوە. بۆ نموونە، بەڕێوەبەری فرۆشتن لەگەڵ سەرپەرشتیارانی فرۆشتن هەماهەنگیی کارەکانی دەکات، لە لایەکی تریشەوە هەموو سەرپەرشتیارانی فرۆشتن ئەوە دڵنیا دەکەنەوە کەوا بەئاگایی و بەرنامەوە لەگەڵ بەڕێوەبەری فرۆشتن کار بکەن.

**2- هەماهەنگیی ئاسۆیی:**

لە هەماهەنگیی ئاسۆییدا، فەرمانبەرانی هەمان ئاست و پلە، پەیوەندی لە نێوان خۆیاندا دروست دەکەن تاکوو کاری باشتر ئەنجام بدەن. بۆ نموونە، هەماهەنگی لە نێوان سەرۆکبەشەکان یان سەرپەرشتیاران یاخود هاوپیشەکاندا نموونەیەکی پەیوەندیی ستوونییە. بە واتایەکی تر، لە هەماهەنگیی ئاسۆییدا فەرمانبەر یان ئەوەتا پەیوەندیی کار لەگەڵ سەرپەرشتیارەکەی یان هاوکارانیدا هەیە و بە شێوەیەکی ستوونیش پەیوەندیی لەگەڵ هاوپیشەکانیدا هەیە.

***2- هەماهەنگیی دەرەکی***

هەر کە ناوەکەی دەهێنرێت، ئاشکرایە کە هەماهەنگیی دەرەکی واتە دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان فەرمانبەرانی ڕێکخراوێك لەگەڵ خەڵکانێك لە دەرەوەی ڕێکخراوەکەدا. پەیوەندییەکان لەسەر ئەو بنەمایە دادەمەزرێن تاکوو لێکتێگەیشتنێکی باشتر لە نێوان خەڵکانی دەرەوەی ڕێکخراوەکە لەگەڵ بازاڕەکان، خەڵك، ڕکابەران، کڕیاران، دەزگەکانی حکوومەت، دامەزراوە داراییەکان و...دا دروست ببێت. بە شێوەیەکی گشتی، ڕێکخراوەکان پشت بە بەرپرسی پەیوەندییە گشتییەکان دەبەستن؛ بەمەیش پەیوەندیی دووقۆڵی لە نێوان فەرمانبەرانی ڕێکخراوێك لەگەڵ خەڵکانی دەرەوەی ڕێکخراوەکە دروست دەکەن.

**هەماهەنگی، کرۆکی بەڕێوەبردنە**

هەماهەنگی، کرۆکی بەڕێوەبەردنە؛ بەو پێیەی هەماهەنگی شتێکی دانەبڕاوە لەم کارە بەڕێوەبەرییانەی خوارەوە.

**هەماهەنگی لە ڕێی پلاندانانەوە**

لە پلاندانانندا هەماهەنگی ڕێگە بە بەڕێوەبەر دەدات کە سەرپشك بێت ئاخۆ بۆ پلانێکی باش چ شتێك زیاد و کەم بکات. هەروەها پلاندانان کارئاسانی بۆ هەماهەنگی دەکات، ئەویش بە کۆکردنەوەی پلانی جیاواز لە ڕێی گفتوگۆی دووقۆڵی و ئاڵوگۆڕکردنەوەی بیروڕاوە.

**هەماهەنگی لە ڕێی ڕێکخستنەوە**

ڕێکخستن هەماهەنگییەکی زۆری دەوێ. هەر کاتێك کە بەڕێوەبەرایەتی (ئیدارە)، ئەرك و چالاکی بەسەر تاکەکان یان گرووپەکان دابەش بکات، هەماهەنگی وایان لێ دەکات کە ئەم کردارە بەباشی ئەنجام بدەن.

**هەماهەنگی لە ڕێی ستافدانانەوە**

لە ستافدانانندا هەماهەنگی یارمەتیی زۆر دەدات بۆ دەستنیشانکردنی ئەو جۆرە ستافەی کە بۆ دامەزراوەکە

پێویستە. بۆ بەدیهێنانی هەماهەنگییەکی باشتر، هەمیشە بەڕێوەبەرایەتی ئەوە دڵنیا دەکاتەوە کەوا ژمارەی پێویستی فەرمانبەران بە ڕەچاوکردنی بەهرە و شارەزایییان دابمەزرێنێت. هەروەها ئەمە ئەوەیش دەسەلمێنێت کە دەبێ کەسی گونجاو لە شوێنی گونجاو دابنرێت.

### هەماهەنگی لە ڕێی بەڕێوبردنەوە

لە بەڕێوەبردنىدا هەماهەنگی وا دەکات کە بەڕێوەبەرەکە تەرکیز بکات. ڕاستییەکەی، مەبەست لە فەرماندەرکردن یان پێدانی ڕینمایی بە هاوکاران تەنیا لەو کاتەدا خزمەت دەکا کە ڕۆحی هەماهەنگی و پێکەوەگونجان (انسجام) لە نێوان بەڕێوەبەر و هاوکاراندا هەبێت.

### هەماهەنگی لە ڕێی کۆنترۆڵکردنەوە

هەماهەنگی، شتەکان دەکاتە کرداری. لە ڕێی هەماهەنگییەوە بەڕێوەبەرایەتی هەوڵ دەدات کە تا بکرێت کارکردنی ڕاستەقینە لە پێوەرە ستاندارەکانەوە نزیك بێت.

### گرنگیی هەماهەنگی

#### 1- یەکڕیزی لە ئاراستەکردندا:

پێویستە ڕێکخراوەکان هەوڵ و بەهرەکانی فەرمانبەری جوداجودا یەك بخەن تاکوو ئامانجی هاوبەش بەدی بهێنن. هەروەها هەماهەنگی، خەرجییە زیادەکانی ڕێکخراوەکە ناهێڵێت.

#### 2- لێکجوداکرنەوەی کرداری:

هەر ڕێکخراوێك بۆ ڕاپەڕاندنی کاری جوداجودا زۆر بەش و یەکەی هەیە. هەموو ئەم کردارانە بۆ بەدەستهێنانی کۆی گشتیی ئامانجەکانی ڕێکخراوەکە گرنگن. ئەگەر هەموو بەشەکان بەتەنیا لە نێوان خۆیاندا کار بکەن و خۆیان لە بەشەکانی تر بەدوور بگرن، ئەوا ئەوکات لە هەرەوەزی دوور دەکەونەوە؛ بۆیە هەماهەنگی زۆر گرنگە بۆ کارڕاپەڕاندنی بەکۆمەڵ.

#### 3- بوونی مشتومڕی کەمتر:

زۆرێك لە بەشەکان لە یارمەتیدانی ڕێکخراوەکەدا بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی، ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕن؛ هەروەها دەیشتوانن سروشت و شێوەی کارکردنیان هەڵسەنگێنن. هەرچەندە زۆر جار بێئاگان لە ڕۆڵی بەشەکانی تر لەمەڕ هەبوونی مشتومڕ، بۆیە هەماهەنگی دەتوانێت ئەم مشتومڕانە چارەسەر بکات.

#### 4- ئاشتبوونەوەی ئامانجەکان:

هەر کەسێك یان تاکێك ئامانجی تایبەت بە خۆی هەیە کە بۆ ئەوان زۆر لە ئامانجەکانی ڕێکخراوەکە گرنگترن، هەماهەنگی هەوڵ دەدات ئامانجەکانی فەرمانبەر لەگەڵ ئامانجەکانی ئەو بەشە یان ڕێکخراوە ئاشت بکاتەوە و یەکیان بگرێت.

**5- لێکجوداکردنەوە و لێکدان:**

هەمیشە چالاکییەکانی ڕێکخراوێك بەسەر دوو یەکەی جیاوازدا بە تایبەتمەندی و چۆنییەکییەوە دابەش کراون. هەروەها بۆ یەکخستنی هەوڵ و تەقەڵڵای بەگرووپ، بەرپرسیارێتی بەسەر ئاستی جیاوازدا لەناو ڕێکخراوەکەدا دابەش کراون، کە ئەمە وا دەکات هەماهەنگی، پرۆسەکە ئاسان بکات.

**6- بەکارهێنانی سەرچاوەکان بە جوانترین شێوە:**

هەماهەنگی ئەوە دووپات دەکاتەوە کەوا فەرمانبەران بە مەبەست و ئاراستەی دژیەك کار نەکەن؛ بەو پێیەی هەموویان سەرچاوەی مرۆیی ڕیکخراوەکەن. بۆیە کەمتر بەکارهێنانی سەرچاوەکان دەبێتە هۆی بەکارهێنانی سەرچاوەکان بەباشی.

**7- هەماهەنگی، هانی ڕۆحی کارکردنی بەکۆمەڵ دەدات:**

لە هەر ڕێکخراوێکدا بەربەرەکانێ و کێشمەکێش لە نێوان فەرمانبەران و بەشەکان و... هەیە، بۆیە هەماهەنگی، هانی ڕۆحی کارکردنی بەکۆمەڵ دەدات کە وەك تیمێکی گەورە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە هاوبەشەکانی ڕێکخراوەکە بەیەکەوە کار بکەن.

**سنوورەکانی هەماهەنگی لە بەڕێوەبردندا**

ئێستا کە گرنگیی هەماهەنگی لە بەڕێوەبردندا تێ گەیشتن، هەروەها ئێوە دەبێ درك بەوە بکەن کە هەماهەنگی بە شێوەی پراکتیکیش دوچاری هەندێ کێشە دەبێتەوە. ئەمانەی خوارەوە سنوورەکانی هەماهەنگین لە بەڕێوەبردندا.

**1- کەمیی بەهرەی بەڕێوەبردن:**

لە کاتی دامەزراندنی فەرمانبەراندا، لەوانەیە هەندێ فەرمانبەری کەمئەزموون بۆ کۆمپانییاکە دابمەزرێندرێن کە بە شێوەیەکی دروست لە ڕێکارەکانی کارگێڕی تێ نەگەن؛ ئەمەیش دەبێتە هۆکاری هەماهەنگیی ناتەواو.

**2- بەهەڵە تێگەیشتن:**

لە ڕێکخراوێکی قەبارە گەورەدا بە سەدان فەرمانبەر ڕۆژانە بەیەکەوە کار دەکەن و تێکەڵاوی یەکتر دەبن؛ دەبێت لێکتێگەیشتنی هاوبەشیان هەبێت و وەك تیمێك پێکەوە کار بکەن. هەرچەندە لە زۆر حاڵەتدا لێکتێنەگەیشتن لە نێوان فەرمانبەراندا دروست دەبێت؛ ئەمەیش دەبێتە هۆکاری دروستبوونی کێشە لە هەماهەنگیدا.

**سەرچاوە:**

https://www.managementstudyhq.com